

وهكذا تتبين خيانة نوري المالكي بتسليمه الموصل للدواعش لاستكمال المخطط الايراني وبناءا على طلب اسياده في قم وطهران ... !!

جمهورية ايران الاسلامية
وزارة الداخلية
الحرس الثوري الاقليمي

تاريخ ٤ رجب ١٤٣٥
سري للغاية

السيد نوري كامل جواد المالكي زعيم دولة القانون في العراق..
بعد التحية من مراجعنا الكرام هذه توصية يجب الاخذ بها وفقكم الله..

قاسم سليماني راعي تصدير الثورة لكافة الشرق الاوسط
المرعي المرجع الكبير اية الله العظمى علي خامنئي - دام ظله

بەڵگەی کلکایەتی مالکی لۆ عەجەم



مالکی لە کوردستان



مالکی و سەدام

# کاوێژی بۆژۆی ئیسرائیل سازی ڕەگەزپەرەست و شوینیزمی عارەب و عەجەم و ترکان

# کوردستان ؛ ئیسرائیلی سێهەمە نەوەک دووهەم ، یابا !!

ناونیتکەی ئیسرائیلی دووهەم ئیک ژ چەکی پەڕپووت و سواوی داگیرکەرانی کوردستانە کە ناو بەناو لە دژی کورد و کوردستان کاوێژ ئەکرێتەوە . ئەم بەزمەش ئەشی لۆ ئەو مەبەستە بێت کە ئەو ڕاستی یە کوێر بکەنەوە کە بەر لە کوردستان و تەنانەت بەر لە ئیسرائیل ژی ئەوە وڵاتانی بە ناو عارەبی و عەجەمستان و ترکستان بوون کە پاش شەڕی جیهانی یەکەم لە لایەن ئیستعمار و ئیمپریالیزمەوە سازکران . گەر بنێشتەخۆشەی بۆگەنی ئیسرائیل سازی بە هەند وەربگیرێت ئەوە ئیدی ئەشی وڵاتانی عارەب و عەجەم و ترکان بە یەکەم هێمای ڕاستەقینەی ئەو ئیسرائیل سازی یە دابنرێن بەوەی کە تێکڕای بەڵگە مێژوویی یە پشت ڕاستکراو و حاشاهەڵ نەگرەکان بە ڕوونی و زەقی دەی سەلمێنن. ڕەزاقولی مەیتەری عەجەمان و مستەفا کەماڵی ترکان و فەیسەڵی عارەبان داش و دەسنیای ئیمپریالیزمی سەرکەوتوو لە شەڕی جیهانی یەکەم بوون . بەری ئەو بەناو ئیسرائیل سازی یە ، بابەتە رژیم گەلێک بوو کە بە ڕێکاری مل هۆری و دیکتاتۆری ، ناشیرین ترین بیچمی سیاسی یان بە سەر خەڵک و خاکی ئەو وڵاتانە دا داسەپاند و بوونە وێنەی ڕەش و قیزەون دە مێژوویی سەررێژ و تژی جە خوێن و ئازار و چەوسانەوە و چەواشەکاری و سەرکوتکرن .

تانە و ناونیتکەی ئیسرائیلی دووهەم لە کوردستان نێتە ئەو واتا کو ئیسرائیلی یەکەم ئانکو چێتر واسە بووشین دووهەم ئانکو ئیسرائیلی جوولەکان ، ئەوەی کە هەیە ، چتێکی خراپە و ئەوەندەش خراپە کە جەنابی ڕەگەزپەرەست و شوینیزمی عارەبی و عەجەمی و ترکی بقە وەلێ ئەکەن و ناتانن مینای دووهەمی واتە کوردستان ، گۆر بیرۆکەی نەزۆک و گەنیویان ، پەسەند بکەن و لە دژی شەڕ ئەکەن و گوایە ناخازن کوردستان ببێتە ئەو وێنە و مینا خراپە ، ئیسرائیلی دووهەم لە ناوچەکە !!

ماک و کرۆکی ئەم بۆچوونە ڕەگەزپەرەستی یەی عارەبان لەوە دایە کە ئەوان خاکی ئیسرائیل ، وەک خاکی کوردستان، بە بەشێک لە بەناو نیشتمانی عارەبی یەکەیان ئەزانن و ئەو مافە بە جوولەکە نادەن ، هەر وەک چۆن ئەو مافە بە کورد و گەل و نەتەوەکانی ترەک ژی نادن ، کە لە سەر زێدی هەزاران ساڵەی باب و باپیریان سەربەخۆ بژین . ئیدی ئەوە ئەشارنەوە کە هەتا پێش شەڕی جیهانی یەکەم چتێک بە ناوی نیشتمانی عارەنی دە ئارادا نەبوو و ژ بلی وی نیشتمانی ترکان و عوسمانلی هەبوو . ئەم ئاکارە نامرۆڤانەی شوینیزم و ڕەگەزپەرەستی عارەبی ئیدی چ بوارەک ئەڕای ڕێکاری مرۆڤانەی پێکەوە ژیان لۆ هیچ کەسەک ناهێڵێتەوە و ستراتیژی پان عارەبیزمی تەیار بە چەکی ڕەگەزپەرەستی و شوینیزمی عارەبی ئیسلامی ئەوەسە کە هەمووان بکەنە عارەبی پلە دوو و سێ . فەرهەنگ و داب و نەریت و شێوەژیانی کورد و جوولەکە ، ئەڕای وینە ، رەگ و ڕیشەی فرە قوویل دیری دە مێژووی ناوچەکە و گەلەک کەڤن تەرتەر و دەوڵەمەند تەرتەرە ژ ئی دە عارەبانن . ئەم بابەتە عارەبە ناتانن مل دە ملی جوولەکە و کورد بنێن و چتێکیان پێ نیە کە ئەم خەڵکانە سی خۆیان پەل کش بکەن و لە بۆتەی عرووبەکەیان دا بیان توێننەوە . نەک هەر شوینیزمی عارەبی لێ بەلێ ناسیونالیزمی ناسری عارەب ژی جە هەمبەر جوولەکە دا شکا و هیچیان پێ نەکرا . نموونەی بەعس و دواتر هۆڤانەتی داعش و تێرۆری ئیسلامی ئەوە ئەسەلمێنێ کە شوینیزمی عارەبی دواکەوتوو لە ڕەوتی گەشەی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی ، لە هەر شکانێکی دا پەنا ئەباتە بەر ڕێکاری هۆڤانانە کە ئەوەندی دیکە بە قوریان دا ئەکات و لە کاروانی مرۆڤی پێشکەوتوو دووریان ئەخاتەوە . ئەمەش بنەمای سەرەکی قەیرانی هەمەڵایەنەی عارەبی یە کە کورد و جوولەکە و گەل و نەتەوەکانی دیکە لە ناوچەکە و تەنانەت لە ئاستی جیهانی ژی دەستەو یەخەی بووگن .

شوینیزمی عارەبی – ئیسلامی جە هەمبەر جوولەکە و سەهیۆنیزم دە مێژ دا شکاون و وازیشیان لە ئیسرائیل هێناوە و ئەوەندە پشێویی و ئاریشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خێڵەکی ناوخۆیی یان هەس کە سەری ئیسرائیلیان نەپەرژێ. ئەوەی ماوەتەوە فلستینە کە بازرگانی پێوە بکەن . لەم گەمە و لیستۆک و بازرگانی دەڵە بازرگانانی عارەب ، کە نها دەڵە بازرگانی مەلای عەجەم ژی هاتگەسە بانی ، مەردم فلسیتین بووگنەسە قوربانی . ڕێکاری پێکەوە ژیانی جوولەکە و عارەب لە ئیسرائیل و فلستین کە بە ڕێکاری دوو دەوڵەت ناسراگە ماوەیەکە بووەتە مژاری گەرمی ئاشتی لە ناوچەکە و هەمووان چ لە ئاستی ناوچەیی بە جوولەکە و بەشێک لە عەرەبەوە و چ لە ئاستی جیهانی هەوڵی لۆ ئەدەن . ئەمەش تاکە ڕێکار و ڕێچکەیە کە خەڵکێکی زۆر لە ئیسرائیل پشتی ئەگرن و خوازیارین .

سەیر و سەمەرەی ڕەگەزپەرەست و شوینیزمی عارەبی لێگرە ئەوەسە کە گوایە ئیرۆ ، ٢٠١٧/٩/١٧ نوری مالکی ئەوەی بە گوێی باڵوێزی ئامریکا لە عێراق ، داگڵاس سلێمان دا داوە کە ئەوان ڕێگا نادەن ئیسرائیلی دووهەم بێتە چی کرن لە باکووری عێراق . بەزمەکە لەوە دایە کە لەوانەیە کە میستر داگڵاس خۆی بەڕەچەڵەک جوولەکەی ئامریکا بێت وەک لە ناوەکەیەوە دەرئەکەفێ . گەر وسا بت ئەوە ئیدی شەکرشکاندنی مالکی دەبا ببێتە هۆکاری جنگزی و هەڵ چوونی میستر داگڵاس . گەر ولۆ نەبێتن ژی ، خۆ ئەوە دەمێنێتەوە لۆ پرسیار کە ئەو کابرایە نوێنەری ئامریکایە کە لە سازکردن و پاراستنی ئیسرائیل دەوری کارساز و یەکەمی بووگە و هەسی . لەو را مرۆڤ حەیران دەمینێ ژ داگڵاس رە کە کا چاڤا کۆنە بەعسی و داشێکی شێعەگەری سەفەویی عەجەمان جە عێراق بە خۆ رە ئەپەرمێ کە یەکەم ئیسرائیل دابەزێنێتە سەر ئەو ئاستەی خۆی باسی لێوە ئەکات ؛ دووهەم جە هەمبەر دەعبایەکی مینا مالکی بێدەک بووبێت .

شەکرشکاندنی ئیرۆی مالکی دووپات کردنەوەی کاوێژ و گەمەی مەڵای عەجەمە کە بە تیرێک چەند نێشان ئەپێکێ . یەکەم دژبەریان لەگەڵ ڕەوتی ئاشتی جوولەکە و عارەبی فلستین و ستراتیژی دوو دەوڵەت ؛ دووهەم پێداگری لە سەر دوژمنایەتی کوێری ڕەگەزپەرەستانە و شوینیستانە عاەربی وەگەرد جوولەکە و ئیسرائیل ؛ سێهەم دوژمنایەتی کوێریان وەگەر کورد و کوردستان و کابرای داگڵاس ژی لێی بێ دەنگە .

بەراوەردێکی سەر پێیی دۆخی ناوخۆیی ئیسرائیلی جوولەکان وەگەرد وڵاتانی عارەبی و عەجەمی و ترکی هیچ لەوەدا ناهێڵێتەوە کە جوولەکە ، کوردەکەو ماچۆ ، لەو چەند بستە خاکەیان و سەرەڕای ئاریشەی گاورە و گران و شەڕی دراوسێی عارەب ، نموونەیەکی جوان و فرە فرە بەرزتر و مرۆڤانەترتەر لە هی عارەب و عەجەم و ترک ئەڕای مەردمەکەی خۆیان پێک هێناوە کە بە هیچ گەز و ڕبە و پێوانە و پێوارێک بەراوەرد ناکرێتن لەل وڵاتانی بۆژۆ و بۆگەن بە دیکتاتۆری و گەندەڵی و ناسەقامگیریی و ئاکاری دژە مرۆڤانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی عارەب و عەجەم و ترکان . گەشەی کۆمەڵایەتی ئیسرائیلی جوولائیکە لەو ئاستە دایە کە مرۆڤ ئێرەییان پێ دەبا و ئاواتەخواز ئەبێت کە سەد و هەزار بریا هەموو وڵاتانی ناوچەکە ، ئی دە عارەبان و عەجەمان و ترکان ، دەو ئاستە دە بان . ئیسرائیل بەو تایبەتمەندیانەیەوە وەک دۆست ، دۆستێکی باش و کارامە ئەبێ و هەر لەم پێکیەش وەک دوژمن ، دوژمنێکی زۆر باشتر لە دوژمنایەتی عارەبی و ترکی و عەجەمی ئەبێت . بریا کوردستان ژی وەکی عارەبی فلستینی دوژمنێکی وەک ئیسرائیل و لەو ئاستەدای هەبووایە ، بە بەراوەرد وەگەرد سەدام و ئەسەد و شا و مەلای عەجەمان .

کورد گەر بتانێ کوردستانا خوە مینا ئیسرائیل چی بکاتن ئەوە ئیدی گەلەک سەرکەفتی دەبێتن . ئەگەرەک کە گەلەک ژ ڕاستی ڤە دوورە لەبۆ ئەم کات و ساتەی ئێستا . کوا ئەم ژی کوردستانەک هەبا کە سەرۆک کۆمار و سەرەک وەزیر لە سەر گەندەڵی پەل کێشی دادگا و لێ پرسینەوە کرابان ، نەبەتەنێ مافی مرۆڤ لێ بەلێ مافی ئاژەل ژی بهێتە پاراستن ، گوللەباران و سەرڕیین و هەڵواسین و پەتی سێدارە و حوکمی کوشتن لەنا برابا ، ئابووریمان گەشەی کردبا، نرخ و سنگمان لە ئاستی جیهانی و ناونەتەوەیی گران با ، زانست و تێکنۆلۆژیا لەو ئاستەی ئیسرائیل هەڵی دابا ، خەستەخانە و نەخۆشخانەکانمان ببێتە ڕووگەی دۆست و دوژمن . کە تێتە باسی ئیسرائیلی یەکەم و دووهەم ، مرۆڤ تەنانەت ئەکەڤێتە گۆمانەوە لە مرۆڤ بوونی دەعبایەکی مێشک ڕزیو کە چ ئاکارێکی مرۆڤی سەردەمی تێدا شک بابرێ.

کوردستان هێژ فرەی ماگە تاوەکو برسیتە ئاستی دەوڵەتی جوولەکە . لێ ئەوش مایەی شانازیە کە هەر ئەم کوردستانەی ئیرۆ بە سەدان هەزار عارەبی حەوانووتەوە و داڵدەی داون و وەک هەر چۆن دوێنی داڵدەی مالکی یان دا و تەنانەت مرۆڤ کوژ و تێروریستی داعشی ژن و مناڵیان بەرەو ئەو کوردستانە بەڕێ ئەکەن کە دەعبایەکی کۆنە بەعسی و داشی مەڵای عەجەم کە هەر دوێنێ بوو نان و ئاوی خەڵکی کوردستانی پڕی ، مەترسی ئیسرائیلی دووهەمی لە ئەکات گۆڕ بیرۆکە و مێشکی بۆگەنێوی شوێنیستانەی خۆی .

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٧/٠٩/١٧